# چەند کورتە شیعرێکی نیچە

و/ لە ئیسپانییەوە: حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ
(هۆڵەندا)

١ - درەختێ ئەدوێ
زۆر بە تەنیایی گەورە بووم و
زۆریش بڵند هەڵچووم،
چاوەڕوانم،
لێ چی ورەی چاوەڕوانیم پێ ئەبەخشێ:
ئەوانەش وا لە منەوە نزیکن
سەر بە هەورن و..
چاوەڕێی یەکەمین برووسکە ئەکەم

٢ - کۆچبەر
چ ڕێگایەک نییە!
دوورییەک وا لە نێوان ئەوەی ڕابوورد و بێدەنگیدا
چ درکێکت پێ نەکردووە!؟
تەواو خۆت داوەتە دەست ئەو ڕێگایە!؟
ئەی کۆچبەر، نیگاکانت بە خاوێنی و ساردی بپارێزە..
گەر وا هەست ئەکەی لە مەترسیدایت، ون ئەبیت!!

٣- ئاشووبی جیهان
لە نێو کێڵگەکەدا بە خەمساردییەوە
پاڵی لێمەدەرەوە ...
هەروەها زۆر بەرەو بەرزیش هەڵمەزنێ
جوانترین لێڕوانینێکی ئەم جیهانە،
وا لە نێو جەرگەی ڕێگادایە....!

٤- ئا ئەوەیە مرۆڤ
بەڵێ، ئەزانم من لە کوێوە هاتووم
بەرپا بووم هەروەکو مەشخەڵێ
ئەسووتێم و فەنا ئەبم
ڕووناکی: هەموو بوونێکم پێ ئەبەخشێ
ژیلەمۆش: هەموو ئەو میراتییەی
لە پاشم جێ ئەمێنێ
ئاه ، کە بە ڕاستی من مەشخەڵێکم....!

٥ - ڤینیسیا
بەسەر پردەکەوە، سەرم شۆڕکردبۆوە و
بە نێو نووتەکی شەودا ڕۆچووبووم



ئەو دەمەی گۆرانییەک لە ناخما سەری هەڵدا
تنۆکەی ئاڵتوون ئەڕژێتە سەر
پەڕەیەکی لەرزیو...
بەلەمی – گۆندۆڵەکان**،
ڕووناکی، مۆسیقا
هەموو پێکەوە سەمایان لەگەڵ
سەرمەستی خۆراوابوونا ئـەکرد ...
ڕۆحم هەروەکو هارمۆنیای نۆتـەی گیتارێ
لە خۆشی ئەو سەما و سەرمەستییە پەنهانییەدا
گۆرانی ئەچڕی ..
سترانێکی نهێنی لە سترانی دەریاوانەکان،
کە لە خۆشنوودی و شادیـیا،
موچڕکەی لەرزیـان پیادا دێ ..
بەڵام ئاخۆ کەسێ هەبوو گوێی بۆ ڕادێرێ!!

٦ - بەختەوەریم
لەو دەمەوەی گومانم لە بەدوادا گەڕاندا هەیە
فێری ئەوەبووم کە ببینمەوە ..
لەو دەمەوەش ( با ) دوژمنایـەتیـم ئەکا
خۆم کردۆتە چارۆکەیـەک و
بەگژ هەموو (با)کاندا ئەچمەوە....!

٧ - بۆ پیاوچاکان
چاکییەکانیشمان، پێویستە هەروا سووکەڵـە بن
هەروەکو پەندی نێـو هۆنراوەکانی هۆمیرۆس ..
کە جارێک دێـن و جارێکیش دەڕۆن ..

٨ - گۆرانی سەرمەستی
وریا بە ئەی مرۆڤ!
بزانە لە شەوانی دووروودرێژەوە
گوێ بیستی چی ئەبێت!؟
«من نووستم.. من نووستم
وا ئەمێستاکەش لەو خەوە دوور و درێژە
ڕاپەڕیـوم»
ئەم گەردوونە قـووڵـە،
قووڵتر لەوەی ڕۆژگـار درکی پێ ئەکرد
ئازارت بە ئێش و قووڵە
ئازار و ئێشێ – زێتر لە ژانی دڵێ
ئازار ئەڵێ: تێپەڕێنە، دەرباز بە
هەموو ئازارێ بەرەو نەمریی ئەچێ
نەمریش، بە قووڵی بەرەو ناوجەرگەی
هەتا هەتاییدا ڕۆئەچـێ....!

٩- نەبەز
لەهەر کوێیەکیت،
چاڵێ بەرەو قووڵایی هەڵکەنە
کانی، وا لە قووڵاییدایە
با خەڵکی نیشتەجێی قووڵایی
هاواریان لێهەستێ و بڵێـن:
لێرە،
لەم قووڵاییەدا هەمیشە دۆزەخە...!

( *) فریدریک نیچە:
– بیـریار و مەزنە فـەیلەسـووفی ئەڵـمـانی (١٨٤٤ – ١٩٠٠) سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای نووسیندا و هەر لە سـاڵـی (١٨٧١)ەوە تا دوا سـاڵـی نووسـینی لە (١٨٨٨)دا، شێواز و ستایلی شیعرییانەی لە دووتوێی سەرجەمی کتێبە فەلسەفییەکانیدا (بەتایبەتی لە کتێبی – ئـاوا زەردەشـت دوا-دا) بـە زەقـی دیـارە و بـە کـاریگەری ئەندێشـە و باکگراوندی شـاعـیـرێتی خـۆی سەپاندوونی بەسەر دنیا و جیهانی فەلسەفەدا، لێ نیچە دیوانێکی بچـووکی شـیـعـری نووسـیـوە بە نێـوی «ستایشەکانی دیۆنیزۆس»ەوە.

(**) گۆندۆڵ – بەو بەلەمـە تایبـەتیـیـە دەگـوترێ کە تەنیا لە شاری ڤینیسیای ئیتاڵیادا بەکاردێ.